Immigratie- en Naturalisatiedienst
*Ministerie van Justitie en Veiligheid*

# مافی مانەوەت پێ دراوە وەک پەنابەر بۆ ماوەیەکی کاتی، ئەمە مانای چیە بۆ تۆ؟

تۆ مافی پەنابەریت وەرگرتوە بۆ کاتێکی دیاری کراو. ئەمەش لەناو ئەو وەڵامەدا نوسراوە کە لە بەشی کۆچ و کۆچبەران (ئای ئێن دی) وەرتگرتوە.
لەگەڵ ئەم مافی مانەوەیەوەدا چەند ماف و ئەرکێکت دەبێت. لەم نامیلکەیەدا زانیاری وەردەگریت لەسەر ماف و ئەرکەکانت.

## مافی مانەوە بۆ پەنابەران بە کاتی

بەم مافی مانەوەیە دەتوانیت:

- نیشانی بدەیت کە تۆ بۆت هەیە لە هۆڵەندا بژیت.
- خۆتی پێ بناسێنیت. ئیقامەکەت هەویەی تۆیە.

ئیقامەکە بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە. زانیاریەکان بپشکنە لەسەر ئیقامەکەت هەتاوەکو بزانیت ئایا تەواوە.
زانیارییەکانت تەواو نیە؟ ئەوا لە بەشی ژێرەوەی ئەم نامیلکەیەدا نوسراوە کە دەبێت چی بکەیت.







## زانیاریەکان لەسەر ئیقامە کاتیەکەت

ئەم زانیاریانەی خوارەوە لەسەر پێشی ئیقامەکەت نوسراوە:
١- ناو: لەقەب و ناوەکانی خۆت.
٢- بەرواری بەسەرچوون: ئیقامەکە تا ئەو بەروارە ئەخوات.
٣- شوێن و بەرواری دەرهێنان: لە کام شوێن و کام بەرواردا ئیقامەکەت وەرگرتوە.
٤- جۆری ناسنامە: بوونی ئەم ژمارەیە III واتای ئەوەیە کە ئیقامەی پەنابەریەکە بۆ ماوەیەکی کاتیە.
٥ - تایبەتمەندی: لێرە مافی مانەوەکەت نوسراوە.

ئەم زانیاریانەی خوارەوە لەسەر پشتی ئیقامەکەت نوسراوە:
١- بەرواری لەدایک بوون - شوێن، ڕەگەزنامە و ڕەگەز.
٢ تایبەتمەندی: مافی کار کردن.
لەسەر ئیقامەکەت نوسراوە ئەگەر مافی ئیشکردنت هەبێت لە هۆڵەندا.
٣- بەرواری دەست پێ کردنی مافی مانەوەت: لەم بەروارەوە مافی مانەوەت هەیە لە هۆڵەندا.
٤ ژمارەی ڤی: ژمارەی ڤی لە دە ژمارە پێک هاتوە کە لە بەشی ژێرەوەی ئیقامەکەتدا نوسراوە.
ئەم ژمارەیە دوای ئەم پیتانە دێت VNR. ژمارەی ڤی لەسەر ئەو نامانەش نوسراون کە لە ئای ئێن دیەوە بۆت هاتوە.

## ئێستا تۆ دەبێت چی بکەیت؟

- بڕۆ ئیقامەکەت وەربگرەوە و هەویە کۆنەکەت کە بە (ڤی دۆکومێنت ) ناسراوە تەسلیم بکەرەوە. زۆر جار دوای وەرگرتنی نامەی ئیقامەکەت لە هەمانکاتدا هەویەی ئیقامەکەش وەردەگریت. هێشتا ئیقامەکەت وەرنەگرتوە؟ لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا نامەیەکت بۆ دێت لە ئای ئێن دیەوە. لە نامەکەدا نوسراوە کەی وە لە کام ئای ئێن دی دەتوانیت بچیت ئیقامەکەت وەربگریت. لە کاتی وەرگرتنی هەویەی ئیقامەکەت دەبێت هەویە کۆنەکەت تەسلیم بکەیتەوە.
- خۆت تۆمار بکە لە خمێنتەکەت. تۆ ئیجباریت کە خۆت ناونوس بکەیت لە تۆمارگەی سەرەتایی کەسی (BRP). لە ناو سیستمی BRP زانیاری کەسی تۆمار دەکرێت بۆ هەموو کەسێک کە لە ناو هۆڵەندا نیشتەجێ بێت. هەندێک جار خمێنتە دوای وەرگرتنی ئیقامە ناوت تۆمار دەکات. ناوی خۆت تۆمار نەکردوە؟ ئەوا پەیوەندی بکە بە خمێنتەکەتەوە. پشکنین بکە بزانە ناو و ڕۆژی لەدایک بونت بە باشی تۆمار کراوە. هەرچی بەڵگەنامەیەکت هەیە لەگەڵ خۆت بیبە، وەک بەیان ولادە، بەڵگەنامەی هاوسەرگیری، هەویە و بەڵگەنامەی شۆفێری. دوای ئەوەی ناوی خۆت تۆمار کرد ژمارەی کەسیت (BSN) پێ دەدرێت. ئەم ژمارەیە ژمارەیەکی تایبەتە بە خۆت، هەموو کەس ئەو ژمارەی هەیە ئەگەر ناوی تۆمار کرابێت لە BRP. تۆ BSN ت دەوێت بۆ هەموو پەیوەندیەک لەگەڵ حوکمەت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر BRP و BSN سەیری ماڵپەڕی www.rijksoverheid.nl بکە. یان تەلەفۆن بکە بۆ ژمارە (١٤٠٠).
ناوی خۆت تۆمار کردوە لە BRP و ماڵ دەگوێزیتەوە؟ ئەوا دەبێت خمێنتە ئاگادار بکەیتەوە، خمێنتە خۆی ناو و ئەدرێسەکەت دەگۆڕێت لە BRP.
- هەویەی ئیقامەکەت لەگەڵ خۆت هەڵگرە. ئیقامەکەت بەهەمان شێوە هەویەکەتە. هەموو کەسێک لە هۆڵەندا لە تەمەنی ١٤ ساڵ بەرەوژور دەبێت بتوانێت خۆی بناسێنێت. واتە تۆ دەبێت هەویەکەت نیشانی پۆلیس بدەیت. یان هەرکەسێکی تر کە چاودێرە. بۆی هەیە غەرامە بکرێیت ئەگەر نەتوانیت خۆت بناسێنیت.
- بیمەی تەندروستی بکە. بە گوێرەی یاسا تۆ ئیجباریت کە بیمەی تەندروستی سەرەتاییت هەبێت. بەم بیمەیە مەسرەفی پزیشکی خانەوادەیی و نەخۆشخانە و دەرمانخانە دەدرێت. تۆ خۆت دەتوانیت هەڵبژێریت کام لە کۆمپانیاکانی بیمە هەڵدەبژێریت. بیمەی تەندروسیتیت کردوە؟ ئەوا دەتوانیت ناوی خۆت تۆمار بکەیت لە لای پزیشکی خانەوادەیی و پزیشکی ددان. پزیشکی خانەوادەیی دەتوانێت ڕەوانەی نەخۆشخانەت بکات ئەگەر پێویست بکات. سەیری ئەم ماڵپەڕەیە بکە www.rijksoverheid.nl بۆ زانیاری زیاتر یان تەلەفۆن بکە بۆ ژمارە (١٤٠٠).
- تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا. بە گوێرەی یاسا دەبێت تۆ تێکەڵی کۆمەڵگا ببیت. واتە تۆ دەبێت زمانی هۆڵەندی فێر ببیت. وە دەبێت خۆت پڕ زانیاری بکەیت لەسەر کۆمەڵگای هۆڵەندی. بۆ ئەم مەبەستەش نامەت بۆ دێت لە لایەن بەشی فێرکاریەوە (DUO) . خۆت بەرپرسیار ئەبیت لە ڕێکخستن و تێکەڵ بوون بە کۆمەڵگا. تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا پارەی تێ دەچێت. تۆ تێکەڵی کۆمەڵگا ئەبیت ئەگەر دەرچویت لە تاقیکردنەوەی تێکەڵبون بە کۆمەڵگا. ئەگەر نەچیت وانەی تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا بخوێنیت ئەوا DUO دەتوانێت غەرامەت بکات. تۆ تەمەنت لە ژێر ١٨ ساڵەویە یان تەمەنی خانەنشینیت هەیە؟ ئەوا ئەم وانانەی تێکەڵ بوون بە کۆمەڵگا شمولی تۆ ناکات و پێویست ناکات وانەی زمان و تێکەڵ بوون بە کۆمەڵگا بخوێنیت. بۆ زانیاری زیاتر سەیری ماڵپەڕی www.inburgeren.nl بکە. یان پەیوەندی بکە بە بەشی تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا لە DUO ژمارەی تەلەفۆن (٠٥٠٥٩٩٩٦٠٠).

## ئێستا تۆ بۆت هەیە چی بکەیت؟

- ئەگەر ئیقامەی پەنابەریت لەسەر خۆت وەرگرتوە، دەتوانیت داوای هێنانی ئەندامانی خانەوادەکەت بکەیت. ئەو ئەندامانەی خانەوادەکەت کە لە دەرەوەی ئێرەن دەتوانن بە مەرج بێن بۆ هۆڵەندا. یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە کە دەبێت لە کاتی خۆیدا داواکاریەکەت پێشکەش بکەیت. ئەمەش مانای ئەوەیە: لە ماوەی سێ مانگدا دوای ئەوەی کە وەڵامی پەنابەری وەرئەگریت. هەروەها ئەمە ئەخوات لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەشتزانی ئەندامانی خانەوادەکەت لە کوێیە. دەست پێکردنی داواکاریەکە لەوەوە دەست پێ دەکات کە داوای مانەوەی کاتی دەکەیت (MVV) بۆ ئەندامانی خانەوادەکەت. ئەم داواکاریە بێ بەرامبەرە.

MVV وەک ڤیزا وایە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت زیاتر لە سێ مانگ بمێننەوە. دەتوانیت لە هۆڵەندا ئەم داواکاریە پێشکەش بکەیت. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانیت ئەم فۆرمە دیجیتاڵە بەکار بهێنیت:
Aanvraag voor een machtiging tot voorlopig verblijf - nareizigers asiel
ئەم فۆرمی داواکاریە لەسەر ماڵپەڕی ئای ئێن دی هەیە www.ind.nl کارمەندەکانی فی فی ئێن دەتوانن لەم بوارەدا یارمەتیت بدەن. ئەندامانی خێزانەکەت خۆشیان دەتوانن ئەم داواکاریە بکەن. دەتوانن لە سەفارەتی هۆڵەندی بیکەن لە دەرەوەی وڵات.

ئاگاداربە! داوای پەنابەریەکەت زیاتر لە سێ مانگ لەوەوپێش قبوڵ کراوە؟ کەواتە تۆ دواکەوتویت بۆ داواکردنی هێنانی ئەندامانی خێزانەکەت لەسەر بنەمای پەنابەریەکەی خۆت. بەڵام دەتوانیت داوای هێنانی ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت لە ڕێگای ئاساییەوە. ئەم داواکاریە پارەی تێ دەچێت. وە مەرجەکانیش قورسترە وەک لەوەی کە ئەندامانی خێزانەکەت لەسەر مافی پەنابەریەکەت بهێنیت. بۆ نمونە دەبێت موچەی کافیت هەبێت بۆ ئەوەی بتوانیت خێزانەکەت بەخێو بکەیت. بۆ ئەم داواکاریە ئەم فۆرمە بەکار بهێنە:
Aanvraag voor het verblijfsdoel familie en gezin (referent) ئەم فۆرمە لەسەر ماڵپەڕی ئای ئین دی هەیە www.ind.nl .

ئاگاداربە! ئەگەر تۆ ئیقامە وەرگریت لەسەر کەسێکی تر، ئەوا تۆ بۆت نیە داوای هێنانی ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت. بەڵام دەتوانیت بە ڕێگای ئاسایی داوای هێنانی ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت.

- تۆ دەتوانیت ئیش بکەیت. خاوەن ئیشەکە پێویست ناکات داوای مۆڵەتی ئیشت بۆ بکات. دەبێت ژمارە حسابی بانکی خۆتت هەبێت بۆ ئەوەی موچەکەت بێتە سەر حسابی بانکی خۆت. دەتوانیت لە هەر بانکێک بێت ژمارە حساب بکەیتەوە. ئەو ڕێکخراوەی کە پەیوەستە بەکارکردن (UWV) ئەوان دەتوانن زیاتر زانیاریت پێ بدەن لەسەر ئیش کردن. بۆ ئەو مەبەستە دەتوانیت سەیری ماڵپەڕی www.uwv.nl/particulieren بکەیت یان تەلەفۆن بکە بۆ UWV: **(٠٩٠٠٩٢٩٤).**

- تۆ دەتوانیت بەدوای خانودا بگەڕێیت. سێنتراڵ ئۆرگان بۆ پەنابەران (COA) دەتوانێت یارمەتیت بدات لە دۆزینەوەی خانوبەرە. کەمپی پەنابەران بە جێ دەهێڵیت کە پەیوەستە بە COA لە کاتێکدا کە خانوت دۆزیەوە.
- تۆ دەتوانیت سەفەر بکەیت بۆ دەرەوەی وڵات. لەبەر ئەوەی ئیقامەت وەرگرتوە دەتوانیت سەفەر بکەیت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ پشوی هاوینە یان بۆ سەفەر بۆ کار.
بۆ ئەوە دەبێت پاسپۆرتت هەبێت. بەهەمان شێوە منداڵەکانیشت. گەر پاسپۆرتت نیە، دەتوانیت داوای پاسپۆرتی پەنابەران بکەیت لەو خمێنتەیەی کە تێیدا نیشتەجێیت. داواکردنی پاسپۆرتی پەنابەران پارەی تێ دەچێت. دوای ئەوەی کە داوای پاسپۆرتی پەنابەرانت کرد، چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت تا دەتوانیت وەریبگریتەوە. بۆ چەند وڵاتێک جگە لە پاسپۆرت ڤیزاشت پێویستە.
ئاگاداربە! ناتوانیت بە پاسپۆرتی پەنابەری سەفەر بکەیت بۆ وڵاتی خۆت. زانیاری زیاترت دەوێت لەسەر پاسپۆرتی پەنابەران، پەیوەندی بکە بە خمێنتەوە. دەچیت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ماوەیەکی درێژ؟ ئەوا پرسیار لە IND بکە بۆ ئەوەی بزانیت چی کاریگەریەکی دەبێت لەسەر ئیقامەکەت. IND دەتوانێت پێت بڵێت کە ئایا پێویست دەکات کە لە ڕۆشتن و هاتنەوە ئاگاداریان بکەیتەوە لە ڕێگای پۆلیسی بێگانەوە (AVIM).

**داواکاری تازەکردنەوە/ داواکردنی ئیقامەی پەنابەری دائیمی**

لەسەر ئیقامەکەت نوسراوە چ ڕۆژێک ئیقامەت بەسەر ئەچێت. زۆر گرنگە کە ئیقامەکەت لە کاتی خۆیدا تازە بکەیتەوە. لە کاتی خۆیدا بە مانای ئەوەی پێش تەواو بوونی ئیقامەکەت دەبێت تازەی بکەیتەوە. تۆ دەشتوانیت داوای ئیقامەی پەنابەری دائیمی بکەیت. دەتوانیت ئەم داوایە پێشکەش بکەیت کاتێک کە بەرواری بەسەرچوونی ئیقامەکەت نزیک ئەبێتەوە.

دەتەوێت ئیقامەی پەنابەری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تازە بکەیتەوە؟ یان دەتەوێت داوای ئیقامەی پەنابەری دائیمی بکەیت؟ بۆ ئەم مەبەستە دەبێت فۆرمی داواکاری بەکار بهێنیت:
Aanvraag Verlenging verblijfsvergunning asiel voor bepaalde tijd یان Verblijfsvergunning asiel onbepaalde tijd یان EU-verblijfsvergunning voor langdurig ingezetenen. ئەم فۆرمە دەدۆزیتەوە لەسەر ماڵپەڕی www.ind.nl زۆر زوو داوای تازە کردنەوە مەکە.

دەبێت داوای تازە کردنەوە بکەیت لە کاتێکدا کە ئیقامەکەت هێشتا کاتی تێدا ماوە. باشترین کات ئەوەیە ٤ هەفتە پێش ئەوەی ئیقامەکەت تەواو ببێت. تۆ خۆت بەرپرسیاریت لە تازە کردنەوەی ئیقامەکەت یان گۆڕینی بۆ ئیقامەی دائیمی.

**گەڕانەوەی هەتاهەتایی بۆ وڵاتی خۆت**
بیر لەوە دەکەیتەوە کە بە یەکجاری بگەڕێتەوە، ئەوا دەتوانیت بۆ داوای یارمەتی و ئامۆژگاری بچیت بۆ لای ڕێکخراوی ئیمگرەیشنی هۆڵەندی (NMI) . بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی www.nmigratie.nl بکەیت یان تەلەفۆن بکە بۆ (٠٣٠٢٣٦٤٢٤٥).

**ونبوون، دزین، تێکچوون یان زانیاری هەڵە**

- ئیقامەکەت ونبووە یان دزراوە؟ ئەوا یەکەم جار دەبێت بچیت بۆ پۆلیس بەیان تۆمار بکەیت بۆ ونبوون یان دزین. بۆ ئەمەش پێویستت بە ژمارەی ڤی ئەبێت.
  دەتوانیت ئەم ژمارەیە بدۆزیتەوە لەسەر نامەکانی IND. لە پۆلیس کۆپیەکی بەیانەکەت دەدەنێ. دوای ئەوە دەتوانیت لە IND داوای هەویەیەکی تازە بکەیتەوە . ئەگەر داوای هەویەکەت کردەوە دەبێت کۆپی بەیانەکەی پۆلیسی لەگەڵ بنێریت.
- ئایا هەویەی ئیقامەکەت تێکچووە؟ ئەگەر هەویەی ئیقامەکەت تێک چووبێت، ناتوانیت وەک هەویە بە ڕەسمی بەکاری بهێنیت. دەبێت لە IND داوای هەویەیەکی تازە بکەیتەوە. کە داوای ئیقامەی تازەت کردەوە دەبێت کۆپی پێش و پشتی هەویەکەتی لەگەڵ بنێریت.
  کاتێک دەچیت بۆ وەرگرتنەوەی هەویە تازەکەت دەبێت هەویە کۆنەکە تەسلیم بکەیتەوە.
- لەسەر هەویەکەت زانیاری نادروستی تێدایە؟ IND ئەوزانیاریانە بەکار دەهێنێت کە لە تۆماری زنیاری کەسیدا هەیە (BRP) . هەربۆیە یەکەم جار دەبێت پەیوەندی بکەیت بە خمێنتەوە. ئەوان دەبێت سەیری بکەن بزانن ئایا ناوت باش تۆمار کراوە لە تۆمارگەی کەسی BRP.
  ئەگەر زانیاریەکان لە BRP تەواو نەبێت ،ئەوە دەبێت یەکەم جار چاك بکرێت. دوای ئەوە دەتوانیت لە IND داوای هەویەیەکی تازە بکەیتەوە.
- چۆن داوای هەویەی تازە لە IND دەکەیت؟ بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ئەم فۆرمە بەکاربهێنیت:
  Aanvraag vervanging of vernieuwing vreemdelingendocument لە
  www.ind.nl. داواکردنی هەویەی تازە بە پارەیە. پارەکە دەدەیت لەو کاتەی کە دەچیت بۆ وەرگرتنەوەی هەویەکەت.

**پرسیارێکت هەیە؟**
سەردانی ماڵپەڕی IND بکە www.ind.nl یان تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی گشتی IND . ژمارەی تەلەفۆنەکەی (٠٨٨٠٤٣٠٤٣٠ ). دەتوانیت پەیوندی بکەیت بە IND لە ڕۆژی دووشەمە تا ڕۆژی هەینی لە کاتژمێر ٩ ی سەرلەبەیانی تا کاتژمێر ٥ ی پاش نیوەڕۆ. لە دەرەوەی وڵات تەلەفۆن بکە بۆ ژمارە ( ٠٠٣١٨٨٠٤٣٠٤٣٠).

*ئەم بڵاوکراوەیە بڵاوکراوەی:*
*Immigratie- en Naturalisatiedienst (IND)* | *www.ind.nl*

*لە ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیە ناتوانیت هیچ مافێک بەدەست بهێنیت .ئەگەر وەرگێرانەکە مەبەستێکی تر بگەێنێت، لەم حاڵەتەدا ئەو نوسخەیەی کە بە زمانی هۆڵەندی نوسراوە جێگای ئەمە دەگرێتەوە. نوسینەکانی ئەم بڵاوکراوەیە دەتوانیت بەکار بهێنیت بە مەرجێک ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدەیت .*